ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## گۆڕینی ڕەنگی چاو

نووسەر: Alan Kemal
@: Alan.Kamal@Gmail.Com

فۆتۆشۆپ بە یەکێك لە پرۆگرامە زۆر گرنگەکانی بواری دەستکاری کردنی وێنە دیجتاڵیەکان دەژمێردرێت گەر باشترین نەبێت، زۆر کاری چاکی پێدەکرێ کە وێنەکانمان زۆر جوان و ڕازاوەتر دەکات، یەکێك لەو کارانە گۆڕینی ڕەنگی چاوە لەو پرۆگرامەدا.
ئەم بابەتەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بەچەند هەنگاوێکی ئاسان ڕەنگی چاو بگۆڕیت.
1. سەرەتا لە فۆتۆشۆپ ووێنەیەک بکەرەوە،



2. ئامرازی Zoom بەکار بهێنە بۆ نزیکردنەوەی چاوەکە بۆ ئەوەی هەڵیبژێریت،



3. ئامرازی Polygonal Lasso هەڵبژێرە و ئەو چاوەی کە نزیکت کردۆتەوە هەڵیبژێرە (لای من چاوی ڕاست)،

4. پاشان بڕۆ بۆ
Select > Save Selection .(ناوی بنێ R)

5. هەر بەبەکارهێنانی ئامرازی Polygonal Lasso چاووی چەپیش هەڵبژێرە،

6. پاشان بڕۆ بۆ
Select > Load Selection
(وەک لەم وێنەیەی خوارەوە دیارە Add to Selection هەڵبژێرە, وە دڵنیابە لەوەی لە بەشی Channel ئەوە هەڵبژێرە کە لەسەرەوە ناومان نا "r" کە چاووی ڕاستە)




7. ئێستا ئەبێت هەردوو چاوەکە هەڵبژێردرابێت وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە،



8.پاشان برۆ بۆ

Layer >New Adjustments Layer > Hue/Saturation

پاشان کرتەی Ok بکە.(ئەمە چینێکی تازە درووست ئەکات بۆ Hue/Saturation )




9.ئەو کاریگەریانەی ئەو وێنەیەی سەرەوەی بۆ زیاد بکە ،
ئەمەش وێنەی کۆتایی!



کۆتایی.

Feb 2006 21

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت